

## حسێن جەسمی
## گۆرانی بۆ منداڵان دەڵێت

گۆرانیبێـــژی بەناوبانگی ئیمارات رایگەیاند کـــە چەند گۆرانییەکی ئامادەکـــردووە بۆ منـــداڵانو دوور نییە هەموویـــان پێکەوە بکاتە ئەلبومێک.

جەســـمی ئەوەی روون کردەوە کە تائێســـتا بڕیـــاری نەداوە هەموویان لەیەک ئەلبوومدا بڵاوبکاتەوە، بەڵام پاش ئەوەی نانسی عەجرەم لەئەلبوومی منداڵاندا سەرکەوتوو بوو، دوور نییە بەهەمان شێوە بیر بکاتەوە.

حســـێن جەســـمی ئەوەشی خســـتەروو کە ئێستا ســـەرقاڵی ئاوازدانانە بۆ چەند هونەرمەندێکی عەرەبیو رەنگە کاری هاوبەشی تریشی هەبێت.

## بەهۆی رەحبانیەوە ئەلبوومەکەی فەیروز دوادەکەوێت



بەهۆی پرسەی بنەماڵەی رەحبانیەکان لەکاتی گیان لەدەستدانی مەنســـور رەحبانی، ئەلبومەکەی گەورە هونەرمەندی لوبنانی فەیروز دوادەکەوێت.

ماوەیەک لەمەوبەر دواهەمین گۆرانی ئەلبوومەکەی فەیـــروز ئامادەبووە بۆ تۆمارکـــردن کە لەلایەن زیاد رەحبانییەوە کاری مبوزیکی بۆ کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو پرسەیەی بنەماڵەی رەحبانییەکان تووشی هاتن ئەلبوومەکە دواکەوت.

لەم بارەیەوە راوێژکاری فەیروز رایگەیاندووە کە ئەلبوومەکە لەنزیکتریـــن دەرفەتدا ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەو تەنها چەند کارێکی کەمی ماوە.



## عومەر شەریف لەفیلمێکی نوێدا

گـــەورە هونەرمەندی عـــەرەبو جیهان عومەر شـــەریف پاڵێـــوراوە بۆ بەشـــداریکردن لەفیلمێکی نوێـــدا بەناوی «مەسیح لەمیسرە».

سیناریســـتی فیلمەکـــە فایز غالـــی رایگەیاندووە کە عومەر شـــەریف باشترین کەسە بۆ ئەوەی رۆڵی «یوسف نەجار» ببینـــێو لەگەڵ رازیبوونی ناوبراویشـــدا کۆتایی ئەمساڵ فیلمەکە بەرهەم دەهێنرێت.

فایز پێشـــبینی ســـەرکەوتنی گـــەورەی لەفیلمەکە کردووەو رایگەیاندووە کە ئێســـتا بەدوای کچێکی تەمەن پانزە ساڵدا دەگەڕێت تا رۆڵی مەریەم ببینێت.





## نیکۆل سابا:
## درەنگ بڕیار دەدەم

کچـــە گۆرانیبێـــژو ئەکتەری لوبنانی نیکۆل ســـابا رایگەیاند کە لەهەڵبژاردنی بەرهەمە هونەرییەکانیدا زۆر بەباشـــی بیـــر دەکاتـــەوەو درەنگیـــش بڕیار دەدات.

سابا ئەوەی خستە روو کە ئێستا لەهەڵبژاردنی بەرهەمەکانیدا پێش هەموو شتێک بیر لەهۆنراوەکە دەکاتـــەوەو دەیەوێت وشـــەکانی بەپێزبێت، ئینجا دواتر بڕیاری ئاوازو پاشانیش کلیپکردنی دەدات.

نیکـــۆل رەخنـــەی لەبەشـــێک لەگۆرانییـــە عەرەبییەکانی ئێستا گرتوو وتی «بەداخەوە زۆربەی ئـــەو گۆرانیانە لەدەوری یـــەک بیرۆکەی دیاریکراو دەسوڕێنەوەو هیچ گۆڕانکارییەکیان تێدا نابینم».

## میرنا موهەندیس:
## بڕوام بەهەندێ کارم نییە



کچە هونەرمەندی میسری رایگەیاند لەبواری کارکردنیدا بەشـــداری هەندێ کاری کردووە بـــڕوای پێی نەبووەو ئێستاش لێیان پەشیمانە.

میرنا ئەوەی روونکردەوە کە ئێســـتا زۆر بەوردی بیـــر لەهـــەر کارێکی نوانـــدن دەکاتەوەو تـــا نەگاتە ئەنجامی تەواو هیچ بڕیارێک نادات.

لەبارەی ژیانی هاوسەرییەوە میرنا وتی «کەسێکم دەوێت بەهەســـتو دڵناسک بێت، دڵم گرنگترین شتە لەژیانمداو ناتوانم سەرکێشی پێوەبکات».



## ئەحمەد عز:
## شێوەم زۆر یارمەتیدام

هونەرمەندی میســـری ئەحمەد عز رایگەیاند کە لەســـەرەتاوە شـــێوەی زۆر یارمەتیداوەو ئەو دەروازەیـــە بووە کە لەرێیەوە چووتە دنیای هونەر، بەڵام ئێســـتا پشـــت بەتواناکانی خۆی دەبەستێت.

ئەحمـــەد عز ئەوەشـــی روون کردەوە کە بـــۆ هونەرمەند شێوەی مەرجی سەرکەوتن نییە، چونکە ئەگەر هونەرمەندێک بەتەنها پشـــت بەجوانی ببەســـتێت ئەوا کە چووە تەمەنەوە کەس تەماشای کارەکانی ناکات.

ناوبراو ئەوەشـــی خســـتە روو کە ژنە ئەکتەری میســـری «ئیناس دغێدی» زۆر یارمەتیدەری بووە بۆ سەرکەوتنو وتی «ئەگەر ئیناس داوای هەر کارێکم لێ بکات یەکسەر بەشداری تێدا دەکەم».